دوژمن و شەهیدکرا. بەو چەشنە پێشمەرگەکان توانییان بەدەیان تانک و زیلی پڕ لە سەرباز بتەقێننەوە و، زەرەر و زیانی گەورە بە سوپای عێراق بگەیەنن و بە دەیان چەکداری دوژمن لەنێو ببەن، لێ مخابن بە هۆی ژمارەی کەمی پێشمەرگە و نەبوونی چەک و تەقەمەنییەوە، سەرەنجام زەعیم سدیقی خوێنڕێژ، شاری هەڵبجەی داگیرکرد و جاشە خۆفرۆشەکانیش، وەک پیشەی هەمیشەییان، شانبەشانی هێزی داگیرکەری عەرەب، دەستیانکرد بە تاڵانکردنی ماڵ و سامان و گرتن و گوللەبارانکردن و ئازار و ئەشکەنجەی دانیشتووانی شار.

سێیەم جار، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، لە ڕێکەوتی ٢٤/٤/١٩٧٤، فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق بۆمبابارانی شاری هەڵبجەیان کرد. لەو هێرشەدا، پتر لە ٢٠٠ کەس کوژران و پتر لە ٧٠ کەسی دیکەش بریندار بوون. ڕژێمی بەعس لەو پەلاماردانەیدا بۆمبای رووخێنەر و گەورەی بەکار هێنا، بەجۆرێک هەر بۆمبایەک بە پانتایی ٢٠٠ مێتر دەوروبەری خۆی وێران کردبوو و بەقووڵایی ٥ مێتر زەوینی چاڵ کردبوو.

چوارەمین جار و، دوا کارەساتیش ساڵی ١٩٨٨ بوو کە هەڵبجە شەهیدکرا و، لە گەڵ شەهید بوونی، بانگی بێکەسی و بەشمەینەتی و کوێلەیەتی خۆی و گەلەکەی بە گوێی هەموو دنیا گەیاند.

ڕژێمی سەددام، پێش ئەنجامدانی کارەساتە سامناکەکانی "هەڵەبجە" و "ئەنفال"، پتر لە چوارهەزار گوند و دەیان شارۆچکەی کوردستانی وێرانکرد، بە سەتان هەزار کوردی لە شار و نێوچە بە پیتوبەرەکەتەکانی کوردستانەوە بە زۆرەملی ڕاماڵدا و عەرەبی لەجێ دانان. سەروەت و سامان و داهاتی کان و کانزاکانی کوردستانی تەرخانکرد بۆ سازکردنی پێگە و لەشکرگە و کڕینی هەموو جۆرە چەکێکی قرکەر و کۆمەڵکوژ و، بەکارهێنانیان لەدژی نەتەوەی کۆیلە و بێدەرەتانی کورد. ئەمانە و سەتان و هەزاران تاوان و کردەوەی نامرۆڤانەی دیکە لەلایەن ڕژێم و سوپای داگیرکەری عێراقەوە لە ماوەی ٣٥ ساڵ دەسەلاتی ڕەشیان بەدژی نەتەوەی کورد ئەنجامدران، بەلام ئەنجامدانی هەموو ئەو تاوانانە لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە، نابێ ببنە ڕێگر لەبەردەمماندا کە نەتوانین، یان ڕێ بە خۆمان نەدەین هەڵە و کەموکورتییەکانمان بخەینەڕوو و، چاوپۆشی بکەین لە سیاسەتی چەوت و لاروڵەوێری سیاسەتکار و سەرۆکی حیزبەکانمان کە لەو قۆناخ و هەلومەرجە تایبەتەدا، لەغاوی ڕابوون و بزووتنەوەی کوردیان بەدەستەوە بوو. ئەگەر گەلێک بەهەر هۆیەک، زاتی ئەوەی نەکرد، هەڵە و چەوتییەکانی خۆی بخاتەڕوو، یان نزمبوونی ئاستی هۆشیاریی ڕێگەی گرتلێی و خاڵەلاوازەکانی خۆی نەبینیی، ئەوا پێش ناکەوێ و کارەساتەکانی بەسەریهاتوون، هەموو جارێک دووبارە دەبنەوە.

شیاوی ئاماژە پێکردنە "هەڵەبجە" زۆر زیاتر هەڵدەگرێ کە لە گوتار، یان سیپارەیەکدا بتوانین هەموو لایەنێکی تۆمار بکەین، تەنێ دەتوانین، لە چەند تەوەرێکەوە بدوێین کە کارێگەرییان هەبوو لە خۆشکردنی زەوینەی خولقانی کارەساتەکە.

ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٨٨، لە گەرمەی شەڕی نێوان وڵاتانی عێراق – ئێران، هەردوو حکوومەتەکە تێدەکۆشین بۆ سەرکەوتنی خۆیان و ڕووخان، یان شکستپێهێنانی ئەوی دییان. لەو پێناوەدا، ئێران، بە ملیۆنان جەماوەری حیزبوڵڵایی و کفن لەبەر و خۆبەخشی موسڵمان پشتی بەستبوو، ڕژێمی عێراقیش بە سوپایەکی ئامادە و پۆشتە و پەرداخ و بە پارە و پووڵ و پشتیوانیی دارایی وڵاتانی عەرەبی و کڕینی تەکنۆلۆژیای جەنگی و کەرەستە و چەکی کۆمەڵکوژ لە وڵاتانی ڕۆژاڤا و، وەرگرتنی زانیاری بەرێگەی سەتەلایتی سیخوری ڕۆژاڤا سەبارەت بە جموجوڵی سەربازیی ئێران، شەڕەکەیان بۆ ماوەی ٨ ساڵ درێژەی کێشا و، بەهۆیەوە هەودووڵایان بە سەتان ملیارد دۆلار زیانی ماڵی و، پتر لە ملیۆن و نیوێک کوژراو و چەندین ملیۆن بریندار و پەککەوتە و کوڵەوار و دیل و ئاوارەیان بەرکەوت.

لەساڵی ١٩٨٣ – ١٩٨٤دا، سوپای ئێران هێرشێکی گەورەی بۆ سەر هێزەکانی عێراق دەستپێکرد کە لەنێو خاکی ئێران لە ستانی خوزستان لەبەرەی باشوور جێیان خۆشکردبوو. سوپای ئێران لەو هێرشەیدا نەتەنێ شاری "خورەم شار" و "ئابادان" و هەموو نێوچە داگیرکراوەکانی لە عێراق سەندەوە کە بە شادەماری ئابووریی ئێران دەژمێردرێت، بەڵکو توانی بەپەڕێتەوە بۆ نێو خاکی عێراق و، بەشێک لە دوورگە و زەلکاوەکانی باشووری عێراق داگیربکات و لە پارێزگەی شیعەنشینی "بەسرە"، نێزیک